بەشی سێیەم لە قەسیدەی :

# چەند ساتێکی نیگەرانیی ئەنووسمەوە

**بەرزان هەستیار**
**ئەڵمانیا/کۆڵن**
bhastiar@yahoo.de

: 2006/11/7

**لە دوورەوە ،**
**دوور , دوور , دوور ،**
**قەشەنگین ، قەشەنگ ؛**
**لە نزیکەوە ,**
**نزیك , نزیك , نزیك ،**
**لە مەرگا زەرد ئەچینەوە ؛**
**تەرمی کام قوربانییت بنێژم ، پاییز !؟**
**سەرخۆشیی کام کۆستم لێ ئەکەیت ، پاییز !؟**

: 2006/11/9

**هەموو هەوڵەکانت بەتاڵن ،**
**نە ، چراکان خامۆش بکە و**
**نە ، خۆت سەرقاڵی سەفەر کە ؛**
**من قەت چرام نەویستووە بۆ بینین ،**
**لە شوێنی خۆشم ئەوەستم ،**
**تا خڕێتیی زەوی ئەتهێنێتەوە بەردەمم**

: 2006/11/13

**ئینسان بەرگەی گوللە ناگرێت**
**ئیدی نازانم....**
**چۆن سنگ ئەنێت بە عیشقەوە !!!**

: 2006/11/16

**لە سێبەری خۆم ئەچێت و**

**بێهوودە شوێنی کەوتووم ،**

**لە ئاو ئەچێت و**

**نائومێدانە....**

**سۆراخی مەملەکەتی ڕەنگی تیا ئەکەم ،.. کامەرانیی !!**

******

**لەو نیگارانە ورد ئەبمەوە**

**خەڵکیی ، لە بێدەنگیی ڕەنگەکانیان سەر دەرناکەن**

******

**قووڵ ..قووڵ .. قووڵە**

**تەنکە ئاوی خۆشەویستیی**

******

**پەتی سێدارە ،**

**گەردانە ،**

**گوللە ،**

**گوارە ،**

**کەلەپچە ،**

**ستیان ،**

**ئینسان دروستی کردوون ؟...**

**ها..ها..ها..ها..ها**

: 2006/11/17

**خنکام ، لە ئاپوورەی بەشەردا ،**

**تاسام ، لە ساکەدەشتی وەحشەتا ،**

**ئەی چی بکەم ، چی ؟**

******

**نامەیەکم بۆ بنێرە ،**

**هیچیشم بۆ نەنووسیت گرنگ نییە ،**

**تەنها سنووقی پۆستەکەم چۆڵ نەبێت !**

: 2006/11/20

بیکوژێننەوە ،
هەموو گڵۆپەکان بشکێنن ،
پێم خۆشە بە دیار تاریکییەوە ....
بیر لە ڕۆشنایی بکەمەوە ،
لە حزوری ژیانا ....
دەست لە کاکۆڵی مردن بەم
******
منەتتان بە هیییییییج ،
ئەوە منێکی دەست بەتاڵ و
ئێوەی پڕ چەك ،
منێکی چەماوەی ژێر نەفرەتی نیگەرانیی و
ئێوەی سەرقاڵ ، بە چنینەوەی .....
پەپوولە پاییزەکانی ژیان ؛
وەرن ، با ئەم شەڕە بکەین !

: 2006/11/24
ئیتر بوخچەی درۆکانم ....
ئەنێمە بن دەستتان ،
ئێوەش بمدەنە بەر ڕێژنەبارانی بوختان ؛
پێ ئەچێت کراسە ئاڵەکانی حەقیقەت ....
کەڵکی پۆشینیان نەمابێت !

: 2006/11/27
منی ئیفلیج ،
قاچیشم هەبێت ، نایینێم بە کەسدا ،
دەستیش شك بەرم ، چەمۆڵەی پێ لە کەس نانێم ،
ئێوەی مردوو ،
بێ گوناه ، بە زیندوویی ....
وەك باڵندەیەکی کەسیرە بوو .....
پەڕەکانم ئەکەن بە بالیف
******
هەمووومان حەز بە گەمە ئەکەین ؛
خودا بۆ تەنیایی خۆی "ئادەم" ی خوڵقاند و

**بۆ وەڕس نەبوونی "ئادەم "یش ، " حەوا " ،**
**خودا لە بێزارییدا ، بەنی ئادەم ئەکوژێت و**
**بۆ کەیفی خۆی  بە شەیتانیش ئەڵێت** ......
**بە ئەقڵمان پێ بکەنێت ،**
**هەموومان گەمەیەك ئەکەین ،**
**گەمەیەك ،**
**کەس نایباتەوە ، خودا و شەیتان نەبێت !!!!**

: 2006/11/28

**ڕای کرد لە دەستم ،**
**وەك تانجی ، منداڵیی تێی تەقاند ،**
**وەك کیسەڵ دوای کەوتووم**

: 2006/12/1

**جنێو بەن ، هەتا ئەوپەڕی ماندووبوون ؛**
**ئێوە لەوە بێ سەوادترن** ....
**لە بێ تاوانیی من بگەن ،**
**ئیدی چۆن لە بەرائەتی پەپوولە و**
**دڵسافیی کۆتر و**
**بێگەردیی ڕۆحی ماسی سەر دەر ئەکەن !**